

# لە پەراوێزی کوشتنەکەی سەردەشت
# مۆدێلێکی نوێی تۆقاندن

**مایکل رۆبن** *
**و.پشتیوان عومەر-بەریتانیا**

لە رۆژی چواری مایس، سەردەشتی رۆژنامەنوسی تەمەن ٢٣ ساڵ لەبەردەم زانكۆی سەلاحەدین لە هەولێر رفێندرا. دو رۆژ دوواتر، لاشەکەی بە مردویی لە موسڵ دۆزرایەوە و نیشانەی ئازاردان و گوللە بە جەستەکەیەوە جێمابون. وەک رۆژنامەنوسە هاوکارەکانی، قەڵەم چەکەکەی بو. خەونیشی، کوردستانێکی باشتر و ئازادتر بو.

بەداخەوە، کە سەردەشت شەریدەکرد بۆ کوردستان، ئەو بە جاشی نوێ گەییشت. دوای چەند دەیەیەک مۆدێلی جاش گۆڕاوە. لە ١٩٦٠ەکان، ١٩٧٠کان و ١٩٨٠کان، حکومەتی عێڕاقی پشتگیری ئەو کوردانەی دەکرد کە هاوکار بون لەگەڵ بەغدا و پارەی پێدەدان و بەعسیش ئەو هێزە جاشانەی بەکاردەهێنا بۆ دژایەتییکردنی ناسیۆالیزمی کوردی کە لەوکاتەدا مەلا مستەفای بارزانیی سەرۆکی پارتیی دیموکڕاتیی کوردستان سەرکردایەتییدەکرد. لە هەمانکاتیشدا، بەکاردەهێنران بۆ دژایەتییکردنی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە دوای ١٩٧٥ کە جەلال تاڵەبانی سەرکردایەتییدەکرد.

پێشمەرگەکانی یەکێتیی و پارتیی بەسەرکەوتویی بۆ کوردستان جەنگان، تا ساڵی ١٩٧٥، ئەوان زۆر بەگەورەیی سەرکەوتو بون. بەڵام لە ١٩٧٥، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا هێنری کیسنجەر راپەڕینی کوردەکانی کردە قوربانی کاتێک ئەو سەودایەکی رێکخست لەنێوان بەغداد و تاران. ئەمریکا خۆی دورەپەرێزگرت، کاتێک هێزەکانی سەدام کشان بەرەو باکوری عێڕاق و دانیشتووانی کوردیان تیرۆرکرد.

کەچی، لەرێی هێزێکی پەتی لە ئیرادە، پێشمەرگە بەردەوام بو لە جەنگان لە چیاکان و جارێکی تر سەرکەوتنیان لە ١٩٩١، لە سەروبەندی تێکشکانی سەدام لە کوەیت و ئۆپەراسیۆنی ئامادەکردنی ناوچەی ئارام.

بەداخەوە، مەلا مستەفای بارزانیی نەژیا بۆئەوەی سەرکەوتنی کورد ببینێت، بەهۆی مردنی بە نەخۆشی شێرپەنجە لە ١٩٧٩. مەلا مستەفا بەشانازییەوە مرد. ئەو نەیدەزانی کە میراتگرەکانی چۆن لە پێشمەرگەوە دەبنە بارگرانی بەسەر میللەت.

لەوانەیە بارزانی وایهەستکردبێ کە ئەو ئیشێکی دروستی دەکرد. لەکاتێکدا، بەرپرسەکانی پارتیی حەزناکەن باسی روداوەکانی ١٩٩٦ بکەن، کاتێک فشاریان دەخرێتە سەر، ئەوان پاساوی ئەوە دێننەوە کە سەفقەیەکی پێویست بو لەبەرامبەر هاوکارییەکانی جەلال تاڵەبانی لەگەڵ هێزەکانی ئێراندا. ئەو شتەی کە هەر کوردێکی ئاسایی لەگەڵ ئەوە شدا کە دەیزانێ، ئەوەیە کە شەری ناوخۆ، شەڕیک بو لەسەر پارە نەک ناسیۆنالیزمی کوردی. پێشمەرگە شکۆمەندە، بەڵام جۆشدانی سەرکردەکانیان هەمیشە وانییە.

پێشمەرگەکان پیاوی شاخەکان بون کە بۆ کوردەکان خەباتیان دەکرد. نەوەکانی مەلا مستەفا و منداڵەکانی مام جەلال بەدوای میراتی پێشمەرگەن، بەڵام ئەوان پێشمەرگە نین. لە ٢٠٠١دا سەردەکەوتین بەسەر چیاکانی دهۆکدا، پێشمەرگە دێرینەکان ئەوەیان بۆ رونکردمەوە کە ئەوان گژوگیای جیاوازیان دەخوارد و تەنانەت ئەوئەشکەەتانەشیان نیشاندام کە پەناگەیان بو.

مەسرور، نێچیرڤان، قوباد و پاڤێڵ، ناتووانن جیاوازیی لەنێوان رووەکی شیاو بۆ خواردن و رووەکی ژەهراویی و نەخوراو بکەن، بەڵام ئەوان شارەزان لە جیاوازییکردن لە (ریتز چارڵتۆن) و هەمو ئەوانەی لە (چوار وەرزەکەن).

لەوانەیە ئەوان هاوەڵیی باوکەکانی خۆیان کردبێ لە گەشتەکانیان بۆ دەرەوە کاتێک لە تاراوگە بون، بەڵام ئەوان هەرگیز ژیانی خۆیان نەخستۆتە مەترسییەوە بۆ کێشەی کورد وەک پێشمەرگە راستەقینەکان.

ئەمڕۆ نەوەی نوێی پێشمەرگە، ئەوانەی کە روبەڕوی مردن دەبنەوە لەپێناوی دوواڕۆژێکی باشتر، ئەوانەن کە رۆژنامەنوسن. ئەوان مرۆڤی گەنجن وەکو سەردەشت و نوسەرەکەی لڤین سۆرانی مامە حەمە. ئەوان پێویستە روبەڕوی تۆقێنەرە نوێیەکان ببنەوە، ئەوانەی کە خۆیان لەژێر عەبای ناسیۆنالیزمی کوردی دەشارنەوە بەڵام چەکەکانیان بەرەو روی هاووڵاتییە کوردەکانیان رادەگرن. ئەگەر مەلا مستەفا مابووایە، قایل نە دەبوو لە نەوەکەی هەروەک سەرکردەکانی ئێستا ناقایلن لە نەوەکانیان.

کوردستانی عێڕاق لەوەتەی ١٩٩١ەوە موعجیزەی بەدەستهێناوە. ئەوە شایەدییەکە نەک بۆ سەرکردایەتیی کورد، بەڵکو بۆ بەهرەمەندیی و ئیرادەی خەڵکی کورد. پێشمەرگە خەباتیکرد و قوربانییدا بۆئەوەی دەرفەتێک بە کورد بدات. ئەوان بەسەر جاشەکان لە بەغدا سەرکەوتن، بەڵام ئەمڕۆ پێویستیانە سەربکەون بەسەر تۆقێنەرو دڵ رەقەکانی ناو هەرێمی کوردستان.

کوردستان پێویستی بە رۆشنبیران و هۆشمەندانە. تورەکردنی رژێمی بەعس بەهۆی چالاکییەوە کوردانەکەیەوە، گەنجێکی وەکو بەرهەم سالح، لەناو زینداندا بەسەرکەوتووانەوە تاقیکردنەوەکانی ئەنجامدا. لە روبەڕوبەنەوەی بەرامبەر هەمان دەستەڵاتدارە توند و دڵڕەقەکان، سەردەشت ئەوەندە بەختەوەر نەبو. بەڵام قوربانییەکەی نابێ بەفیڕۆ بڕووا.

*مایکل رۆبن، لێکۆڵەرێکی جیگیرە لە پەیمانگای ئینتەرپرایزی ئەمەریکی و وانەبێژە لە دیراساتی ئەمنی قەومی لە قوتابخانەی پۆستگراجوەیتی دەریایی لە کالیفۆرنیا و وانەبێژە لە زانکۆی جۆن هۆپکینز لە واشینتۆن، دیسی.

-ئەم وتارە پێشتر لە ماڵپەڕی www.kurdmedia.com بڵاوکراوەتەوە.

# لە کوردستاندا... چ جۆرە سیستەمێکی ئابووری لە ئارادایە!

**عەبدولخالق جەمیل**

ئەگەر بەشێوەیەکی زانستیانە روو بچینە بنج و بنەوانی ئەم بابەتەو، هەروەک چۆن لە واقیعدا خۆی دەنوێنێت، ئاوەها بیوروژێنین و هەڵگێر و وەرگێری بکەین. خودی خۆان ببوێرین لە مزایەدەی نیشتمانی و، وەتەری هەستیاری نەتەوایەتی و ئاودانی و خزمەتگوزاری ئەژەنین.. ئەوا دەتوانین خاڵ لەسەر پیتە سواو و کاڵبوەکان تا رادەیەک دابنێین و ئامانجی خۆمان بپێکین. ئەوەی گومانی تیا نییە، سیستەمی ئابوری هەر ولاتێک سیستەمی کۆمەڵایەتی ئەو ولاتە دیاری دەکات (بە سیستەمی حوکمڕانی و دەسەڵاتیشەوە)، ئەوە حوکمێکی رەهایەو مێژووی قۆناغەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کاڵای بەباڵادابڕیوە.

دیارە سیستەمە ئابورییەکە لەسەر بنچینەی ژێرخانی ئابوریەوە پەیگیر دەبێت و تێکرای پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر ئەو بنەمایەوە خودی خۆی بەرجەستە دەکات و، جا ئەگەر ئەو سیستەمە ئابوریە سەرمایەدای بێت یاخود فیوداڵی و یا سۆسیالیستی بێت. هەرکامێکیان لەم ئۆلگۆیانە کارکرد و رەنگدانەوەیەکی راستەوخۆیان لەسەر واقیعی ئەو کۆمەڵگایە بەرجەستە دەبێت.

ئەگەر لەسەر بنچینەی ئەو توێژینەوەیە واقیعیە کە لەمەوبەر ئاماژەمان بۆی کردوە (کوردستانی باشور) بدەینە پەراتوکی نەشتەرو ئاخۆ بزانین لەگەڵ کام یەک لەم سیستەمە ئابوریانە هاوڕێک و هاوتەریب دەبێت و، کاڵای کام لەم مۆدیلانەی بەباڵادا دەبردرێت.. هەرچی نەبێت بۆ ئەوەی شوێن پێی خۆمان دیاریی بکەین و پەشێو و سەرگەردان لەنێو هەوادا بە هەڵواسراوی گوزەر ئەکەین. گومانی تێدانییە لە نەوەدەکانی سەدەی رابردووەوە تاوەکو پرۆسەی لەنێوبردنی رژێمی حوکمڕانی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣ باشترین بروبیانو و پاساوی هەردوو دەسەڵاتی دوولەتە ئیدارەکەی کوردستانی باشوور ئەوەبوو کە مەترسی هاتنەوەی رژێم وەکو مۆتەکەو مێردەزمەیەک لە ئەندێشەو خەیاڵی خەڵکەکە سیناریۆی بۆ کێشرابوو بەرجەستە کرابوو، وێڕای ئەمەش شەری نێوەخۆشیان باشترین پاساو بوو بۆ ئەوەی متەق لە خەڵک ببڕن و دەرگای گلەیی و گازاندەیان لەسەر داخەن بێدەنگی باڵیان بەسەردا بکێشێ.

هەرچۆنێک بێت هیچ جۆرە مۆدێلێک لەو سیستەمە ئابوریانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان بۆی کردوە لەگەڵ ئەو ناسیستەمە ئابوریەی کە لە واقیعی ئەمڕۆی کوردستانی باشوردا هەیە دور و نزیک خۆی لە قەرەی نادات. بەڵکو ئەو سیستەمە هەڕەمەکیەی کە لە باچوری کوردستاندا هەیە جیاوازە.

ئاخۆ گەلۆ لەنێو جەرگەی ولاتانی دواکەوتوی جیهانی سێیەمدا دەسەڵاتی کوردی چ جۆرە سیستەمێکی نوێی ئابوری داهێنابێت و، زۆر پێشکەوتوتر بێت لە پاژنەی ئاسنینی سەرمایەداریەکەی مام سامی ئەمریکی و کۆمەڵایەتی تر بێت لە چەکوش و داسەکەی مارکس و لینینەکەی روسی.

ئەگەر بەراشکاوی سەیری ئەو سیستەمە بێ سیستەمە ئابورییەی کە لە کوردستاندا هەیە بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو سیستەمەی کە لەم وڵاتەی خۆماندا هەیە پابند نییە بەهیچ پاساو و رێسایەکی زانستی ئابوریەوە.. چونکە نزیکەی دوو دەیەیە، دەسەڵات نەیویستوە یاخود لە بەرژەوەندیان دانەبوە ژێرخانێکی ئابوری تۆکمەی بەرهەمهێن لە باشوری کوردستاندا دامەزرێنێت، بەڵکو هەردەم لە هەوڵی هێنانی کاڵاو کەلوپەلی بەکاربەری بازرگانی برەوپێداوەو ئەکتیڤ کردوە، ئەمیش چ جۆرێک ئەوانەی کە (بێکەڵک بەسەرچو و ئێکسپایەرن).

هەرچی بازرگانە گەندەڵەکان و مشەخۆرەکانی ئەم وڵاتە هەیە بەگشتی ئاسانکاریەکە دەستیان واڵا کراوە بۆ هێنانی هەرچی کەلوپەل و کاڵای ناشایستەی وڵاتانی دەوروبەر و دور و نزیک هەیە لە بازاڕی رەش و بەڵەکی ئەو وڵاتە خێر لەخۆنەدیوە ساغی دەکەنەوە.

کوانێ ئەو زاراوە نامۆیانەی پرۆفیشناڵ و پسپۆڕ و ئابوری ناسەکان کە لە میدیاکانەوە خەڵکی هەژار و کەم دەراەتی ئەم وڵاتەیان پێ کەڕ و کاس و چەواشە کراوە.

بەراستی ئەم گەلە سیتەمدیدەیە جێگای خۆیەتی بەزەیی بەخودی خۆیدا بێتەوە، چونکە دز و خاوەن ماڵ و خانەخوێ بەیەکەوە لە هەوڵی کەوڵ کردنیەتی و بە زندویێتی چاوان کەوڵ دەکرێت.

بەڵام ئەفسوس، جگە لە خودی خۆی کەس گوێی لە داد و فیغانی ئەم گەلە بەستەزمانە خێر لەخۆنەدیوە ناگرێت.

# کورد لە هاوکێشە سیاسیەکاندا

**سەرتیپ نۆرەیی**

دوای رِوخانی دەوڵەتی عوسمانی کورد بەچوار لایەنەوە لکێنرا کەواتە کورد هەر لەو کاتەوەی لکێنراوە بەم دەوڵەتانە ئیدی هێزی قەومی بونی بەشێوەیەکی زۆر لە دەست دا کورد لە میللەتێکی بەهێزو کاریگەرەوە بوبە کەمینە ی ئەم دەوڵەتانەی کە پێیەوە لکێنراوە ئەمەش کوردی خستە ناو گێژاوێکی تراجیدی قەومی، مانەوەی کورد بەم دابەش بونە فێندەمنیتالیزمە بەهێزەکانی قەومی بونی لاواز بون، کە ئەمەش بوە هۆکارێک بۆزیاتر داگیر کران و چەوسانەوە و لە ناوبردن ، کاتێک حکومەتەکەی شێخ محمود دواتریش پێشەوا قازی محمد کاتێک بنچینەیەکی بەهێز و پاڵپشتێکی تەواونەبو هەم لەناوخۆ هەم لە دەرەوە ئیدی بەشێوەیەکی سانا ئەم حکومەتە لەنابرا و وە شۆڕەشەکانی تریش بەهەمان شێوە بەڵام ئەمڕۆ کە باس لە میللەتی کورد بکەین دەبێت بزانین کە کورد میللە تێکە هەتا ئەمڕۆش لە تراجدیاو ناخۆشیدا دەژێت لە هەر چوار پارچەدا کورد لەحاڵەتی ناتەندروسدا هەنگاو دەنێ، بەڵام دواجار حەقیقەت بەشێوەیەکی ڕاستەقینە داهاتومات بۆرون دەکاتەوە لە ئەمڕۆدا کوردستانی باشور هەرێمێکی نیمچە سەربەخۆدایە، بەڵام دەبێت بزانین هەتا ئەمڕۆش کۆمەڵێک خاڵی جەوهەری ماون کەدەبێت بهێنرێنەدی ، وە دەبوایە بەدەست هاتبان بەڵام کە ئەمەنەکراوە ، بەشێوەیەکی سلبی بەسەر هەرچوار پارچەی کوردستاندا دەشکێتەوە کە ئەمڕۆ بونی هەرێمێک لە باشور دەرگایەکی گەورە بو بەسەر هەرچوار پارچەی کوردستاندا بەڵام نەبونی پاڵپشتێکی بەهیز بۆ باشور هەنگاوەکانی توشی شەلەل کرد ئەمرو کورد لەناو واقیعی سیاسی جیهاندا ژمارەی حسابە بەڵام کامە ژمارە ئەو ژمارەیەی کە هەر وڵاتەو باس لەکێشەی وڵاتەکەی بکات.

یەکێک لەکێشەکان کێشەی کوردە لەو وڵاتانەی کوردی بەسەر دابەش کراوە ، کاتێک ئەردۆغان دەچێتە واشینتۆن باسی کورد دەکات وەک ئەوەی بیهەوێت کێشەی وڵاتەکەی چارەسەر بکات نەک بۆ ئەوەی کێشەی کورد بۆکورد چارەسەربکات وە بەهەمان شێوە لە سوریاو ئێران و هەتا عێراقیش ،یەکێک لەخاڵەکانی کێشەی کورد هێزێکی یەکگرتوی نیە کە ئاکامەکان بەرەو پێش بەرێت بەڵکو هەریەکەو لەبەرژەوەندی خۆیان مامەڵە دەکەن بەڵام دەبێت بپرسین کورد وەک نەتەوە وا بنچینە بەهێزەکانی لە دەست دەدات لە باشوری کوردستان رایەڵەیەک نییە بۆزیاتر ئاگاداربون و هاوهەڵوێست بون بەرامبەر کۆمەڵێک کێشەی نەتەوەی هاوبەش هەر ئەمەش بوەتە هۆکار بۆ ئەوەی هەردەوڵەتەو لەبەرژەوەندیەکانی خۆیەوە مامەڵە لەگەڵ کورددەکات، کاتێک کوردێک دەبێتە سەرۆک کۆماری وڵاتێکی خاوەن هەرێمێی کوردستان ئەمە تەنها ئەرکی ئەم سەرۆکە ئەوە نییە وەک سەرۆکەکانی پێشخۆی تەنها لەخەمی کۆمارەکەی دابێت بەڵکو دەبوایە وەک کەسێکی خاوەن کێشەی گەورەی هەر چوار پارچە مامەڵەی بکردایە بەڵام کە نەیکرد ئەمە گورزێکی گەورە بو بەر هەرچوارپارچەی کوردستان کەوت ئەم میللەتەی کە خاوەن کێشەیەکی لەمێژینەیە ئەمڕۆ لەهاوکێشە سیاسیەکان وەک یاریزانی یەدەگ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، مەبەست لەمە ئەوەیە کە هەریەکە بەدوای ئامانجی خۆیان وێڵن نەک چارەسەرکردنی کێشەی میللەتێک ئەمریکا هەتا ئەمڕۆ دان نانێت بەوەی کەکێشەی دابەش بونە بە سەر چەند لایەنێکدا کەئەوەی ئەمڕۆ لەباشور بەدەستهاتوە یان دان پیانانی ئەمریکا بەکورد دان نان نیە بەکورد بەڵکو هەوڵدانە بۆچارەسەرکردنی کێشەی عێراق کە ئەمریکا خاوەنداری دەکات، کەواتە ئەوەی ئەمڕۆکە کورد وەزارەتی هەیە و سەرۆک کۆماری هەیە ئەمە پلەی کوردبون نین، بەڵکو پلەی بەرژەوەندیەکانن کە ئاوا واقیعەکە دەخوازێت کاتێک شەری تائیفی لەعێراق بەشێوەیەکی زۆر کاریگەر قوڵ بوبۆوە ئەوەتە کە لەلایەن کوردبو کە بەهێواشی هەوڵی چارەسەرکردنی دەدا بۆیارمەتی دانی ئەمریکا ، ئەوە سەرۆک کۆمارەکوردەکەبو کە بەهەمو شێوەیەک هەوڵی چارەسەرکردنی دەدا، بەڵام کە دەچوە وڵاتێکی دراوسێ دەیوت بونی دەوڵەتی کورد خەونی شاعیرانەیە ، لەم کاتەی رابردوو کورد باشترین یاریزان بو بەدەست ئەمریکاوە لەعێراق بەڵام تۆزقاڵکیش ئەم ئامانجانەی کورد بەدوایدا دەگەڕا نەهاتە دی لەوڵاتیک هەولی چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەدرێت بەڵام ناوی کورد ناهێنرێت ئایا ئەمە چ چارەسەرکردنێکە دەبێت بزانین لەناو ئەم هاوکێشە سیاسیانەدا.